کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-8-2007 3:17بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بیرە نەوتەکان لەسەر گۆڕی باپیرانی هیئەی عولەمای موسلمین لێدراون.. !! ڕەسوڵ مینە

دوای نەمانی حوکمی بەغدایە ئەوەندەی سەرکردەکانمان خەریکی چاککردنەوەیماڵی عێراق بوون ئەوەندە لەخەمی ئەو کەرکوکە قەلەندەرە نەبووە. ئەوەشمان کردە قوربانی برایەتی و دۆستایەتی پێکەوە ژیان. گەر کورد ئەو ئیدارەو وەزعەی لە ئەستۆ نەگرتبا. ئەوەی ئێستا دەقەومێ دە هێندەی دی زیاتر دەبوو بەوەش نەدەوەستان کە گۆڕی ئیمامان بەعاسمانێدا دەبەن. ئەوەتا دوای ئەو هەموو خوێن و ئێسك لوولاقە و کاسە سەرەی ناو بیابانەکانی باشوور بێ لەو باخچە هەڵوەریوەی هەلەبَجەی شەهید و سەوسێ نان و دۆڵی بالیسان و بادینان و بارزانییەکان کە پێناسەی میللەتێکی خاوەن خەباتە، تازە بەتازە یاسا و پەرلەمان لە هەرێمی کوردستاندا ئاراستەی خۆی وەرگرتووە، لە یەکێك لە هەرە یاسا چاکسازی و خزمەتگوزاریەکانیش، یاسای نەوت و غازە کە دەبێت بەشی کورد بەشێوەیەکی یاسایی و داهاتی دیارو تۆمار بکرێت. لەبەرامبەریش دەبینین بەڕۆژی ڕووناك و بێ شەرمانە پیاوانی عولەمای وەقفی سوننە بە حارس زارییەوە چاوی چۆتە پشتی سەری وەك ئەوەیە بیری نەوتەکان لەسەر مەزاری باب و باپیرانیان لێدرابێت و، سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش غەدری لێکردبن و بڕیاری دابێت لە (عانە، ڕاوە، ڕومادی) بیری نەوتی لێدابێت و پێشمەرگەش بەبەرگی کوردییەوە لە پاراستنی دابێت. لە مێژە ئەو جەماعەتەی زاری و موتەڵەگ و پاچەچی و چەلەبیەکان پەنایان بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیان بردووە و هێرش لە دوای هێرش دەکەنەسەر کورد و سەرکردایەتیەکەی و کەونە شیری باپیریان دەرهێناوەو لەتیژکردنیدان. خەمباری ئەوەن ئەگەر کورد بەشە نەوتی خۆی وەرگرت هەموو شارێکی کوردستان وەك هەولێری پایتەختی لێدێت و ئاوەدانی باڵ دەکێشێ بەسەر تێکڕای گوند و شارۆچکەکاندا و ڕێگاو بەرزە پردی هاوچەرخی بۆ درووست دەکرێت. ئەدی بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستایان و ڕۆشنبیران دەمیان چۆتە کلیلە و دەستیان لە هەویرو قەڵەمیان کۆڵە لەڕووی ئەو دوژمنە سەرسەختانەی کە هەمیشە دەستیان لەسەر پەلا پیتکەی تفەنگەکانیانە و ڕووە و سنگی هەموو تاکێکی کوردی بێ جیاوازی ڕەنگ و جۆرو بیرو ناوچە داناوە! هەڵوێست وەرگرتن بۆ ڕۆشنبیران لەمەڕ هەڕەشەکانی هەیئەی عولەمای موسلمینی سوننە و تێکدانی ئەم کەشەی کوردستان بەحزبی بوون نییە، بگرە هەڵبژاردنی بەرەی گەلە بەرامبەر بەرەی هەرچی و پەرچیانی سوپا دۆڕاوەکەی کۆنی ڕژێمی بەعس، کە ئێستا بە ( (ئالی سوننە) ) لەژێر پەردەی ئەواندا خۆ دەنوێنن، گەف و هەڕەشە لە سامان و بەرژەوەندی کوردستان دەکەن. سوننەکان شەرمەزار نابن و نابینن ئەوەی بەدیهاتووە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقیدا جێگیر کراوە و کورد مافی خۆیەتی وەك عەرەب چۆن لەباشوور لەنەوت و غاز یاخود سامانە سروشتییەکان خاوەن حەقە بۆ کوردیش لەباکوور هەر حەقە. ئەوان ئەم مافە بەهی کورد نازانن و لێرەوەیە کارەسات چاوەڕوان دەکرێ کاتێ عەرەبی سوننە هیچ بەتۆ ڕەوا نابینێ. ئەوان ئەم یاسایە لەکاتێکدا بەبێ شەرعی دەزانن و دژی دەوەستن کە خۆیان بەهۆی خیلافاتی لە مێژینەیان لەگەڵ شیعە مەزهەبەکاندا پێدەچێ قابیل بەچارەسەر کردن نەبێت و هەر بۆیەشە وەك سەگی هار کەوتوونەتە وێزەی کورد و وەك چۆن پێشتر دەیان کوفراند لەئێستاشدا ڕەوایەتی بە گەیشتن بەمافە زەوتکراوەکانی نادەن. ئەوان کوێرن و نابینن کە لەناو باوەشی پایتەختدا بەسەدان ماڵە عەرەب دشداشەو عەگالەوە لەناو پارك و شەقامەکاندا دەسوڕێنەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە بێ ئەوەی تەنها کەسێکیش بە تەماشاکردنیش بریندارایان بکات. وێدەچێ ئەو عولەمایانەی هەر جێیەك بەماڵی خۆیان دەزانن و ترسی حەزرەتی ئیبراهیم دایگرتبن لەوەی نەوەکا بۆنی نەوتی خاوی کردبێ و بووبێتە هۆکارێك بۆ هەڕشەکردنیان و پێیان وایە دەتوانن ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە نێو ریزەکانمانەوە. ئەی ئەگەر ئەو خاکە بەهی خۆیان دەزانن لەبەرامبەر کەمالیستەکان بۆ بێدەنگ و دۆش داماون و ناڵێن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چیدی گۆڕەکەی حەزرەتمان تۆپ باران مەکەن.. !! یان ئەوانیش رۆژانێك شوێنگرەوەی خەلافەت بوون و لەرۆژی مەعشەر خوا لێپێچیەنەوەیان لەگەڵ دەکات.. !! دەمێنێ بگوترێ سوننەکان لەلێواری شەقامدا لە وەڕیندان و هیچ کاتێکیش میللەتی کورد بە قەرز لەکەس نەترساوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.